# وەشنبیری هەرەم سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیج و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ئاگادار دەکاتەوە

وەزارەتی وەشنبیری و لاوانی هەرەمی کوردستان، سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، پەیج و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت: هەر هەواڵێکی بێ بنەما بڵاوکەرەوە تێکدانی ئاسایشی هەرەم و ترس و تۆقاندن بۆ بەدوای دەبێت، ووبەووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێنەوە.

چوارشەممە، 18ـی حوزەیرانی 2025، وەزارەتی وەشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرەمی کوردستان، لە ڕاگەیەنراوەکدا ئاماژە بەوە دا، ناوچەکە بە دەخێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێت، ڕاگەیاندن ئامرازێکی کاریگەر و میدیای کوردی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێگەی بڵایەنانەی هەرەم لە ووداوەکانی ناوچەکەدا بگێڕێت.

وەزارەتەکە دەڵێت: ئاگاداری سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیج و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا دەکەینەوە، کە پەیوەستە ڕۆچاوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و باری دەروونیی خەڵک بکرێت و هیچ جۆرە هەواڵێکی بێ سەرچاوە و نادروست دەربارەی پرسەندنەکانی ناوچەکە و لێکۆتکانی بۆ نەکرێتەوە کە لایەنگیریی تێدا بێت.

هاوکات جەختی لەوە کردەوە، پەیوستە هەموو جۆرە هەوڵێک لە بارەی ئەمنییەتی کوردستان و زانیاریی دەربارەی هۆوداوەکانی تەنیا لە سەرچاوەی فەرمییەوە وەربگیرێت.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، هەر لایەن و دامەزراوەیەکی مەدیایی و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا، هەواڵی بە بنەما بە تەکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ترس و تەقاندن بڵاو بکاتەوە، ئەوا هووبڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێتەوە.